# (گەلا)ی شانۆکار:

# ئافرەتانی ئەم دەڤەرە ئازادنین لەبەشداریکردنیان لە کارە هونەرییەکاندا!



وێڕای پێشکەوتنەکانی مرۆڤ لەبوارە جیاجیاکان، هێشتا ئافرەت لە دەڤەرەکەمان بەدەگمەن دەبینرێن لەبواری هونەرییدا، بەبۆنەی رۆژی شانۆی جیهانییەوە (تیپی شانۆی دیبەگە) شانۆگەری (مەحاڵە)ی نمایش کرد کە تیایدا ژمارەیەك لە ئەکتەری بەتوانای دەڤەرەکە بەشداربوون و، لەهەمانکاتدا بۆ یەکەم جارە لەم دەڤەرە ئافرەت لەسەر تەختەی شانۆ رۆڵ ببینێ، ئەمەش بووە جێگەی سەرنجی جەماوەر، بۆ ئەم مەبەستە بەپێویستمان زانی لەنزیکەوە ئەم دیدارەی لەگەڵ سازبکەین و لەئەنجامی چەند پرسیارێکدا بەم شێوە وەڵامی دایەوە:

*** گەلا کێیە؟**

– من (گەلا حەمید ئالی)ی لەدایکبووی (١٩٨٩/٢/١٧)ی شاری هەولێرو خوێندەڤانی پۆلی یەکەمی ناوەندیم.

*** تائێستا چەند بەرهەمت هەیە؟**

– دوو بەرهەمم هەیەو هەردووکیان لەشانۆگەرییدا بەشداریم کردووە.

*** بۆچی لەبواری هونەرییدا شانۆت هەڵبژارد؟**

– دیارە کە شانۆ زمانی گەلانە بەهۆیەوە هونەرمەند دەتوانێ مەبەستەکانی بە خەڵك بگەیەنێ.

*** بۆچی ئافرەت لەم دەڤەرە بەرێژەیەکی زۆر کەم بە دیاردەکەون لەبواری هونەرییدا؟**

– بەداخەوە وێرای پێشکەوتنەکانی جیهان لەبوارە جیاجیاکاندا ئەگەرچی تائێستا ئافرەت و کچانی ئەم دەڤەرە لەنێو چوار دیواری ماڵەکانیان کۆت و زنجیری دابونەریت و پیاو سالارین و بەشداری لەکارە هونەرییەکان ناکەن، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو ناوچانە زیاتر پابەندی خێلەکین و پیاوان رێگە بەئافرەت نادەن بۆ بەشداریکردن لە کارە هونەرییەکان.

*** دەتانەوێ چی بە ئافرەتانی ئەو دەڤەرە رابگەیەنن؟**

– بۆ ئەمە دەڵێم: من لە ناوچەیەکی ترەوە هاتووم لەو دەڤەرەدا بەشداریی لەشانۆگەری دەکەم و شانازی پێوە دەکەم، حەز دەکەم لەداهاتوودا پیاوان رێگە لەئافرەتان نەگرن و ئافرەتیش مافی خۆیەتی بەشداری لەکاری هونەرییدا بکات و ئافرەتانی ئەو دەڤەرەش هەروا بە فراوانی بێنە نێو کاری هونەری لەهەموو بوارەکاندا.

*** سوپاست دەکەین.**

– سوپاس بۆ ئێوەش.

---

# گەندەڵیی دوای ئازادی



## پەروەر پالانی

سوود وەرگرتنی تایبەت لەبەکارهێنانی سەرمایەو بەرژەوەندی گشتی نیشتمانی و نەتەوەیی بۆ قازانجی تاك، هەڵقۆستنەوەی پۆست و پلەو پایەو کورسی بۆ بازرگانی کردن لەسەر حیسابی هاوولاتی سڤیل و، ئەنجامدانی پرۆژەگەلێکی سەقەت لەسەردەستی ئەو کۆنتراکتەرە بێ ئەزموونانەی لەچەنگ سەرنەکەوتنی پرۆژەکەو قەرزاری ئەمو ئەو رادەکەن و پەنا دەبەنە بەر دەرەوەی بازنەی ئیدارەی ناوچەکەو... تد، مشتێکن لەخەرمانی گەندەڵیی دوای ئازادیی سێ ساڵەی دەڤەری قەرەچووغ.

گەندەڵیش بەهۆکاری سەرەکی لەمەڕ دواکەوتنی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی دێهاتەکان و جوانکردنی سیمای شارو بەشارستانییەت کردنی دەڤەرەکە دێتە ژماردن، لەپاڵ مەسەلەی مانەوەی ئیدارەی ناوچەکە لەسەر ئیدارەی موسڵ، هەڵبەتە ئەمیش دەچێتە قالبی گەندەڵیی ئیدارەی موسڵ، کە تائێستا بودجەیەکی بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەم دەڤەرە تەرخان نەکردووەو لەلایەکی تریش گەندەڵیی لەکاری وەزیرە بەرێزەکانی کوردە ئەوانەی کە بەپێی قسەی (جعە)ی سەرەك وەزیرانی ئێراق "لە بەغدا بەرامبەر بەماددەی (٥٨)و مەسەلەی کەرکووك نقەیان لێوە نەهاتووە"، ئەمە لەکاتێکدا کە کەرکووك دڵ و قودسی کوردستانە، نەخاسمە بۆ مەخموور چۆن فزەیان دێ کە هێشتا ئەوان نازانن داخۆ مەخموور کێندەری کوردستانە.

ئەو ئازادییەی کەبەهۆی بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتییەوە، چینی بورژوازی و خاوەن فایلی شەرمەزاری لەهەرە پێشەوەی هەموو ئیمتیازێکدان، دەریایەك لەگەندەڵی لەگەڵ خۆیدا بەدیاری بۆ هێناین، ئەو خانووانەی لەهەشتاکان لە مەخموور خاپوورکران لەسەر کوردایەتی بوو بۆیە تاوەکو ئێستا هەر وەکو خۆی بەتێکدراوی ماونەتەوە، بەزەقەی چاوی ئەوانیش، بەرپرسان بۆ خانوێك زیاتر لە (٣٠) دەفتەریان بۆ سەرف دەکرێت تا بەخۆشی رابوێرن و گەعدەی تێدابکەن، بۆیە گەندەڵی رەگ و ریشەی خزاوەتە نێو ناخی کۆمەڵگاکەمان و بۆ چارەسەریش شۆرشێکی رۆشنبیری و فیکری گەرەکە، کە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا بەیەکەوە بۆ مەبەست بنەبڕکردنی بکارن، هەروەها دەبێ هەرچی زووە کار بۆ دروستکردنی پردێکی پەیوەندی پتەو لەنێوان دەسەلات و هاوولاتی بکرێت، بۆ ئەوەی بەیەکەوە، بەیەك ئاراستە بۆ یەك ئامانج کاربکەن.

لەدواییدا ماوە بڵێین کە هەموو تاکێکی کۆمەڵ هەریەك لەشوێنی خۆیدا رۆڵی خۆی دەبێ لە پرۆسەی ریشەکێش کردنی دیاردەی گەندەڵی، بەشێوەیەك کە رێگە بەخۆی و کەسانی تر نەدات لەکارەکەیدا گەندەڵی چەکەرە بکات (بەردەست لەپاککردنەوەی فەرمانگەکەی و خەلك لەپاکڕاگرتنی شارەکەیان و مامۆستا لەوتنەوەی وانەکەی بەشێوەیەکی دروست و فەرمانبەر لە جێبەجێکردنی کارەکەی و رازی کردنی هاوولاتی و دکتۆر لەگرنگی دان بەنەخۆشەکەی و بەڕێوەبەر لەچاوپۆشی نەکردن لەهەر هەوڵێك کە ببێتە مایەی لەکەدارکردنی کارەکەی و بەرپرسی حیزبی لەجیاوازی نەکردن لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵ و دەستنەخستنە نێوکاری ئیداریی و حکومی و بەرپرسی ئیداریش کە بەسەرپەرشتیکارو باوکی رۆحی تاکەکانی کۆمەڵگا لەهەر دەڤەرێك دێتەژماردن رێگە بەهیچ کەس و لایەنێك نەدات دەست بخاتە نێو کاروباری ئیداریی، لەهەمانکاتدا رێگە بەتەشەنەکردنی گەندەڵی نەدات، جا لەسەر هەر ئاستێك بێت، بۆ ئەوەی هاوولاتی بەچاوی باوکایەتییەوە تێی بڕوانن.


# ئازادیی قەرەچووغ
Azadî Qereçûx

بەڕێوەبەری ئەنجوومەنی کارگێڕی

**جەمیل سنجاوی**

خاوەنی ئیمتیاز

**شاخەوان خالید**

سەرنووسەر

**خەلیل ئیبراهیم**

**بلاوکراوەیەکی رۆشنبیریی گشتیی هەمەڕەنگە، هەرێمی قەرەچووغی YNDK ساڵانە لەیادی ئازاد کردنی شاری مەخموورو دەوروبەری دەری دەکات**

**ناونیشان: هەولێر - مەخموور - بارەگای هەرێمی قەرەچووغی YNDK ژمارەی تەلەفۆن: 060472496**

**نەخشەسازی: کۆمپیوتەری دەریا**


---

# لە فۆرنێتەوە بۆ وایەرلێس



دوای ئەوەی پارساڵ بۆ یەکەم جار سەنتەرێکی ئینتەرنێت بەنێوی (فۆرنێت) لەمەخموور کرایەوەو بۆ ماوەی شەش مانگ کاری کرد، شایەنی باسە ئەو ماوەیە رێژەیەکی زۆری گەنجان و رۆشنبیران سوودیان لەم تەکنەلۆژیا گرنگە وەرگرت، بەڵام بەداخەوە زۆری نەبردو هەڵیان گرت، جێگای ئاماژە پێکردنە نەمانی (فۆرنێت) نەبووە هۆی ئەوەی نائومێدی لەنێو گەنجان و رۆشنبیرانی دەڤەرەکە دروست بکات، هەر بۆیەش لەمژدەیەکی دلخۆشکەردا، لەلایەن کەسایەتی رۆشنبیرو ناوداریی دەڤەرەکە بەڕێز (مەلا رەسول بندیان) هێڵێکی تایبەتی ئینتەرنێت لەجۆری (وایەر لێس) لەمەخموور دامەزرا، نزیکەی (١٥) هاوبەش سوودی لێوەردەگرن، بەم بۆنەوە بەناوی ساڵنامەکەمانەوە دەستخۆشی لە بەڕێزی دەکەین و هیوادارین نموونەی زۆربێت بۆ خزمەتکردنی بواری رۆشنبیری لەدەڤەرەکەدا

# قەرەچووغ لە داماڵینی دامێنی نیگەرانە...!



قەرەچووغ ئەو چیایەیە کە خودان چەندین شوێنەواری دێرین و کەرستەی خاوی سروشتیی گرانبەهایە لە هەمان کاتدا سیما دڵرفێن و جوانییەکەی بۆتە سرووشی هۆزانڤانان و هونەرمەندانی ناوچەکە و کوردستان، خەڵك لە زۆر شوێنی کوردستان بۆ سەیران و گەشت رووی تێدەکەن و حەیرانبێژانیش ئەگەر لە حەیران چڕیندا سەرێك لە قەرەچووغ نەدەن دڵیان ئاوی ناخواتەوە ، کە چی مایەی نیگەرانییە ماوەیەکە کوورەچییەکانی دەڤەرەکە خەریکە سیما سروشتیەکەی دەشێوێنن و بۆ بەرژەوەندی و دەسکەوتی ماددیی خۆیان ، بەردی تایبەت بە گەچ لە دامێنی چیاکە لە نزیك دەرکی بازارگە و شوێنەکانی تری لای دەرەوەی چیاکە دەتەقێننەوەو پاشان دەیگوازنەوە بۆ کارگەکانیان و دەیکەنە گەچ و دەیفرۆشنەوە، بەمەش سیمای چیاکە ناشیرین دەبێت و رۆژ لەدوای رۆژیش جوانی و دڵفرێنیەکەی لەدەست دەدات، هەر لەمبارەوە سەرچاوەیەکی تایبەت بە کوورەچییەکان پێی راگەیاندین کە ئەوان بەپێی مۆڵەتی حکومەت ئەم کارە دەکەن و لە هەمبەر ئەمەش بڕە پارەیەکی دیاریکراو بە حکومەت دەدەن .



شارەوانی مەخموور چارەیەك...!

# بێ تۆ ناژیم



(سروود حاتەم) لەدایکبووی هەولێری ساڵی (١٩٨٤) ەو بەکۆڵێ هیواوە دەیەوێ تەنگ بە دونیای هونەرو ئاواز هەڵبچنێ، ئەوەتا بەو تەمەنە هونەرییە کورتەی بە دوو کلیپی (هەر تۆم نەدی)و (پیرۆز بێ لێت) توانی کۆمەڵێك عاشق و هەوادارانی لە خۆ کۆبکاتەوە، لەم نزیکانەش یەکەمین بەرهەمی بەنێوی (بێ تۆ ناژیم) دەخاتە سەر خزمەتەکەی خۆی لەبواری هونەری گۆرانی و ئاوازی کوردیدا، ئەم بەرهەمە پێکهاتووە لە (٩) گۆرانی و هۆنراوەی ئەم هۆزانڤانانەی کردووە بەگۆرانی: (فاروق هەژار، سەردار حەمەد، کامەران کۆیی، هێرش شێروانی) هەوەها ئەم ئاوازدانەرانەش ئاوازیان بۆ داناوە (جەمیل سنجاوی، سەردار حەمەد) لەگەڵ هەندێك ئاوازی هونەرمەند خۆی، لەرووی مۆسیقاوەش ئەم هونەرمەندانە کاری دابەشکردنی مۆسیقایان بۆ کردووە (جەمال جەمیل، جەمیل سنجاوی)، ئەندازەی دەنگ لەلایەن هونەرمەند (تاریق خانەقینی) کاری تۆمارکردنی بۆ کراوە، هەروەها لەبارەی بوارە هونەرییەکانی تریش ئەم هونەرمەندانە کارەکانیان ئەنجام داوە: کامیرا (پێشەوا نەبەرد، سەنعان هەولێریی، مازن محەمەد)، شایانی باسە کاری مۆنتاژی تێکڕای کلیپەکان لەلایەن (دڵدار جاف)ی هونەرمەند ئەنجام دراوە، بەم بۆنەوە هیوای سەرکەوتن بۆ (سروود حاتەم)ی هونەرمەند دەخوازین و ئومێدەوارین زیاتر لەکارە هونەرییەکانی بەردەوام بێت .

---

# سەنتەری رۆشنبیری و هونەری قەرەچووغ

# پیرۆزبایی لە جەماوەری (مەخموور)و دەوروبەری دەکات

بەبۆنەی سێیەم ساڵیادی ئازادیی یەکجارەکی (مەخموورو قەراج و کەندیناوەو گوێڕ)، بەناوی خۆمان و سەرجەم ئەندامانمان لەدەستەی گشتیی (سەنتەری رۆشنبیری و هونەری قەرەچووغ)، جوانترین و ناسکترین پیرۆزبایی ئاراستەی جەماوەری (مەخموور)و دەوروبەری دەکەین، هیوادارین ئازادیی هەمیشەییمان ببێتە هاندەرێکی مەزن بۆ زیاتر ئاوەدانکردنەوەو جێبەجێکردنی پرۆژەی خزمەتگوزاریی و پێشخستن و بووژانەوەی بزاڤی رۆشنبیری و هونەریی لەناوچەکەدا.

**دەستەی کارگێڕی**

**سەنتەری رۆشنبیری و هونەری قەرەچووغ**

---

گیانەکەم مەخموورەکەم
بەچ هەستێك
بەچ پەیڤ و وشەیەك
خەم و شادی خۆمت
بۆهەڵڕێژم
من ئێستاش لە ئازادیی تۆ
دڵنیا نیم
ئەی شارە بێنازەکەم مەخموورەکەم
ئەمڕۆ لەبەهاری ئازادییت
بەکام رێ و بەکام شەقام
سەرەتای ئازارەکانت لەنێو
تابلۆی وشەکانم بنەخشێنم
من نازانم دەروونی پڕناسۆری خۆمت
چۆن بۆ باسکەم؟
بڕوابکە من هێشتا لەئازادی
تۆ دڵنیا نیم!
لەبێنازیی و خۆڕاگریی
قەرەچووغ دەست پێبکەم
یان لەوبەهارە دزراوانەی
ساڵانێك بە تۆزی بیابان و
بەرکێفی پۆستاڵی رەش و بای
تەعریب کەگیاو گوڵیان دەقرتان
دەست پێ بکەم
یان لەبێنازیی رووخساری
بەساڵاچووەکانی بن دیوارەکان
دەست پێبکەم
یان لە رۆژانی نەهامەتی
حەزو خۆزگەکانی سەدان گەنجی
سەر شەقامەکانت باس بکەم و دەست
پێبکەم
یان لەبێنازیی وزەردەخەنەی
تۆراوی سەر لێوی منالەکانت
دەست پێبکەم
من زۆر دەترسم لەسەرەتایەك
دەست پێ بکەم
کەهەمیشە نەگەم بەئاکامی
خەمی کۆتاییت
بۆیە لێت دەگەڕێم تائەورۆژەی
تۆو بەرزی قەرەچووغ
دەست لەملی قەڵاو منارە دەکەنەوە
منیش ئەو کاتە بووکی نیازو
خواستی شیعرت بۆ دەرازێنمەوە
بەهاری ئازادییت بەلاوك و حەیران
دەلاوێنمەوە

# خەمی بێ کۆتایی

## سالار مەخمووری

